# داوای به پەلەی پێکهێنانی حکومەت دەکەم



بۆ هەموو حیزبە کوردستانییەکان سڵاوتان لێبێت

من وەک هونەرمەندێکی کوردستانی داواتان لێدەکەم بە جیدی و دڵسۆزی دوور لەبەرژەوەندییە حیزبییەکانتان زۆربەپەلە حوکمەت پێکبێنن، خەڵکی کوردستان هیلاکە تاڵی زۆر کێشت ، بە هەزاران دایک جەرکیان سوتا ئەو هەموو شەهیدانە خەونیان بە دوا رۆژێکی ئازاد و ژیانێکی ئارام و وڵاتێک بینیوە کە یاسا تاجی سەری بێت ، لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، خەڵکی کوردستان بەشەوقەوە چونە بەر سندوقی دەنگدان و دەنگیان بۆ ئێوە دا . پێویستە ئێوە حورمەت لە کوردپەروەری خەڵکی کوردستان بگرن ، چونکە شایەنی ژیانێکی ئاسوودە و ئارامە.

شەش مانگە نەتانتوانیوە ئەم حوکمەتە دامەزرێنن ئەگەر هەر پاساوێکتان هەیە بۆ ئەم دواکەوتنە ڕاستەوخۆ زۆر بە شەفافییەت بۆ خەڵکی کوردستان روونبکەنەوە.

با خەلکی کوردستان لەوە زیاتر بە نیگەرانییەوە نەروانننە دوارۆژی خۆیان و وڵاتەکەیان، ئەوە ئەرکی ئێوەیە ئەو متمانەیە بگەڕێننەوە بۆ خەڵکی کوردستان. بەزووترین کات کابینەی هەشتەم دامەزرێنن با ئەم حکومەتە دەست بەکار بێت دوور لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبی ، تەنها بەرژەوەنی خەڵکی کوردستان لەبەرچاوبگرێ ، بە بەتایبەت کەسانی کەمدەرامەت .

داوا دەکەم لە هەموو کوردپەروەرێک کە کوردستانی خۆش دەوێ دەنگی بخاتە پاڵ دەنگم و داوابکات بە پەلە بە زووترین کات حیزبە کوردییەکان رێکبکەون ئەم حکومەتە پێکبێنن.

شاعری نیشتیمان پەروە فایەق بێکەس دەڵێ :

مەرهەم و دەرمانی دەردت ئیتیفاقە ئیتیفاق
دوودڵی میقرۆبە خزمە ، عیللەتێکی کارییە.

هونەرمەند

عەدنان کەریم

٢٤/ ٣/٢٠١٤